# تیرۆریستان تەمەنیان کورتە...تەقاندنەوەی شاری سلێمانی

دوێنێ لە شاری سلێمانی کاتژمێر نۆ و نیوی بەیانی دوو ئۆتۆمبیل بە مینچێندراو تەقیەوە ، بوە هۆی شەهید بوونی کۆمەڵێک کەس و هەندێکیش خەڵتانی خوێنکران...لەو کردەوە خۆکوژیانەدا کە لە مانگی رەمەزان روودەدا ئەگەر گروپە ئیسلامییەکان بن ئەوا دەبێ کۆمەڵگای کوردەواری نیشانەی پرسیار لە بەرامبەر ئەو هێزە ئیسلامیانە دابنێ و بزانیین بەکامە تەریقەی شەرعی جێگای ئەو تێرۆریستانە بەهەشتی بەرینە کە خودا دەیدا بە ئیماندار...گەلۆ ئەوانەی شەهید کران و بریندار بوون ئەمریکی و یەهوودی بوون...ئەدی قورئان ناڵێ من قتل نفس...هتد دەبێ ئەوانە رێبازی کامە مۆدیلی ئیسلام بن ، ئەگەر ئیسلام پارچە پارچە بکرێ بۆ دەبێ گروپی ئیسلامی سیاسی بەو جۆرە دەسەڵات وەربگرێ کە گۆڕەپان بکاتە گۆمی خوێن...هێزی لەشکری یەکێتی و پارتی لە غەزا دەجەنگن هەتا وەڵامیان بەو شێوەیە بدرێتەوە...ئەی حکومەتی پارتی و یەکێتی دەرگای مزگەوتەکانیان قفڵ دا هەتا رێگا نەدەن موسڵمانان بچنە نوێژ...ئەگەر ئەو کارانە ئەنجام نەدراوە بۆ دەبێ خەڵکی بێلایەن و مەدەنی دوچاری ئەو کارەساتانە بکرێت...ئەوانە بۆ بەناوی ئیسلام دەبێ ئەو تێکۆشانە بکەنە رێباز و ئیمارەتی ئیسلامی بەو خوێناویە دابمەزرێنن کە مرۆڤ قیزی لێبییتەوە...کێن ئەو مرۆڤانە کە عاشقی ئەو کۆمارە نائازادیەن...ئەگەر ئەو گروپانە بەو شێوەیە دەسەڵات وەربگرن گەلۆ دەبێ ئەو ئیماراتە چۆن بەڕێوە بچی و سەر و کەلەی مرۆڤ لە ئاسمانی ئیماراتی خەلیفە چۆن بقرتێ ... من دژی مرۆڤ کوژم جا بەناوی هەر دین و حیزب و بیرورا و ئایدۆلۆژیایەک ئەنجام بدرێت هەر تاوانە... بۆ ریسوا کردنی ئەو کارە دژ مرۆڤایەتی یانە ، دەبێ دەنگی مامۆستای ئایین لە کوردستاندا لە خەڵکی سیاسی و ئایدۆلۆژیا و سەرکردە و  کادیران بەرز تر بێت ، لە سەکۆی مزگەوتەکانیان باسی نائیسلامی ئەو کردەوانە بۆ خەڵک شێبکەنەوە ، ئەگەریش دەزانن کە ئا ئەوەیە رێبازی ئیسلامی پیرۆز دەبێ دەسەڵاتدارانی کوردستان خەڵکی کورد لەو کارە تێرۆریستانە بپارێزی چونکە ژیانی جەماوەر بەو شێوەیە ئارامی ناگرێت...ئەم کردەوانەش ناتوانێت کوردستان تێکبدات و خەڵک چاو ترس بکات ، کوردستان لە کاتی صدام حوسێن دوچاری گەلێک لەوە دژوارتر کرابوو کە زیاتر لە **4000** گوندی بە قورئانەوە سوتاند و زیاتر لە **180000** موسڵمانیشی بەناوی ئەنفاڵ زیندەبەچاڵ کرد و شاری گەورەی هەڵەبجەی کیمیاباران کرد ، ئینجا راپەڕینی جەماوەر بە پشتگیری هێزی پێشمەرگە توانی ئەو کابوسە لە کوردستان وەدەربنێ ، ئەوتیرۆریستانەش هەمان دوارۆژیانە ئەگەر جەماوەر پێکەوە هاودەنگ بن بەرامبەر ئەو مێشک ژەنگاویانە...بژی خەبات لە دژی تێرۆریستان و نەفرەت لە دوژمنانی دیموکراسی .

فـــەهـــد گـــردەوانـــی **2005/10/26** ستۆکهۆڵم